# دادگاییکردنی سەدام

2006-8-10

# ئەنفال هۆلۆکۆستی کوردە



18 ساڵ بەر لە ئێستا... کۆستەرێک کە ئەنفالەکانی گەرمیانی دەگواستەوە بۆ تونی مەرگ


The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سەرانسەری لە رۆژی 21-8 بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی عێراق، لە رۆژی دادگاییکردنی سەدام حسێن لە سەر دۆزی ئەنفال

## هاووڵاتیانی خۆشەویست

**ڕەوەندی کورد لە هەر وڵاتێک هەن**

**پارت و رێکخراو و کەسایەتییە کوردستانییەکان**

**مرۆڤدۆستان ئازادیخوازان**

بڕیار وایە رۆژی 21-8-2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال دادگایی بکرێن، هەر وەک ئاگادارن لە دادگای شاری لاهای لە پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی ناسینراوە، بۆیە نابێت لە دادگای بەغدا، بە ئەنجامی لەوە کەمتر رازی ببین.

لە ڕۆژی دادگاییکردنی "سەدام حسێن"دا، خۆپیشاندانی سەرانسەری بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانیَعێراق لە وڵاتانی دەرەوە رێک دەخەین، پشتگیری لە دادگاییکردنەکە دەردەبڕین و داواکارییەکانمان جارێکی دیکە پێشکەش دەکەینەوە و گوڵی رەش لەبەردەم دەرگای باڵیۆزخانە و قونسلییەکان دادەنێین، هەموو کەس و لایەنێکیش دەتوانێت بەشدار و هاوکار بێت لەو کەمپینە سەرانسەرییە.

داواکارییەکانمان لەم خاڵانەی خوارەدا خۆ دەبینێتەوە:

- دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.
- دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.
- کارەساتی کیمیابارنکردنی شارەکانی " سەردەشت، زەردە، شنۆ، ئاڵوەتان، رەشە هەرمی ...، هەروەها بۆردومانی شارەکانی باینجان , بانە، خانە، مەریوان، کرماشان ... لە دادگای تاوانباران پەروەندەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، قوربانیانیش قەرەبوو بکرێنەوە.
- بەشێک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە کوردستان ، بە تایبەتی بۆ شاری هەڵەبجە.
- دەبێت حکومەتی عێراقی بە فەرمی بە دوای چارەنووسی ئەو زارۆک و ژنانەدا بچێت کە فرۆشراون یان بەخشراون بە وڵاتانی عەرەبی.
- هەموو تاوانبارانی ئەنفال بە بێ جیاوازی دادگایی بکرێن، دەزگا حیزبی و ئیدارییەکانی کوردستان و عیراقیان لێ پاک بکرێتەوە .
- پێویستە شاری هەڵەبجە و سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی تری کوردستان کە بە هۆی ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە و ئەنفالکردن و کیمیابارانەوە زیانیان لێ کەوتووە ، لە ژاری

کیمیایی پاک بکرێنەوە و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی پێشکەوتوو بۆ دانیشتووانیان دابین بکرێت.

- هەموو قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە، حکوومەتی کوردستانیش بە پەلە بڕیار بدات هەموو ئیمتیازاتی شەهیدانەیان بۆ دابین بکات.
- تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو قوربانیانە بەدەست نەخۆشی و بە ئازاری برینداریيەوە دەناڵێنن، دەبێت بە پەلە چارەسەر بکرێن.

لە کۆتاییدا داخوازین لە هەموو پارت و ڕێکخراو کەس و لایەنێکی دڵسۆز، بەشداری لەم کەمپینە سەرانسەرییەدا بکەن، بەشداریکردنتان لە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکانی ڕۆژی 21-8-2006، پشتگیری ئێوە لە دادگاییکردنی تاوانباران سەروەرییەکی دیکەیە دەچێتە سەر مێژووی پڕ لە تێکۆشان و قوربانیدانتان.

بۆ بەشداریکردن لە کەمپینەکە و پەیوەندیکردن بە چاکەوە :

Chak_org@yahoo.com

www.chak.info

ناوەندی چاک
27-6-2006

---

## بە هەموو پێوەرێک ئەنفال تاوانی ژینۆسایدە

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# بانگەواز بۆ خۆپیشاندانی سەرانسەری لە کوردستان لە ژێر دروشمی : بە ژینۆساید ناسینی کۆمەڵکوژییەکانمان و داوای لێبوردنکردن لێمان لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە

**جەماوەری کوردستان**

**کەس و کاری قوربانیان**

بڕیار وایە ڕۆژی 21-8 ـ 2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا، لەو ڕۆژەدا تەواوی میدیای جیهانی چاوی کامیراکانیان دەخەنە سەر کوردستان و دانیشتوانی جیهانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە سەر رووپەڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیانەوە سەیری کاردانەوەی کورد دەکەن لەبەرامبەر پرۆسەی دادگاییەکە، ئەو ڕۆژە دەبێتە حەشری ڕاگەیاندن .

ئەگەر ئێمە تاکو ئێستا داوامانکردووە ئەنفال بە جیهان بناسێنین، ئەوا لەو ڕۆژەوە سەفەری دادگاییکردنەکە و ناساندنی تاوانی ئەنفال دەست پێ دەکات لە فراوانترین دەرگاوە، ڕۆژی دەستپێکی دادگاییەکە و پەرچەکرداری جەماوەری کوردستان و کەس و کاری قوربانیان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دیاریکردنی ڕەوتی دادگاییەکە .

سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال بۆ ئێمە زۆر گرنگە، کە سەدان هەزارمانیان کوشت و بڕ کرد و کچ و منالانمانیان فرۆشت، بەلام گرنگتر لەوە ئەوەیە دادگاییەکە بکرێتە سەرکەوتنێکی یاسایی گەورە بۆ کورد .

ئێمە لە دوای ڕوخانی سەدامەوە بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانمان وەک ژینۆساید زۆر هەلمان لە دەست داوە، پرۆسەی دادگایی سەدام لەسەر ئەنفال دوا هەلە لەبەردەممان و بەهێزترین کێسی کوردە لە دادگاییەکە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەلە لە کیس چووانە.

بۆیە ئێمە وەک ناوەندی چاک داوا لە هەموو جەماوەری کوردستان، کۆڕو کۆمەڵەکان، لایەن و دەزگاکان دەکەین، خۆیان ڕێک بخەن و کەمپینێکی گەورەی جەماوەری بە هەموولایەکەوە پێک بهێنین بۆ پێشوازیکردن لە دادگاییەکە، ڕۆژی 21-8 بکەینە ڕۆژی زیندوکردنەوەی گیانی ڕاپەڕین، هەموو پێکەوە لەو ڕۆژە برژێنە سەر شەقامەکان، داوا بکەن : کۆمەڵکوژی کورد بە فەرمی بە ژینۆساید بناسرێت، پێویستە حکومەتی ناوەندی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.

**کەس و کاری قوربانیان**

**کەس و کاری ئەنفالکراوەکان**

**بارزانییەکان**

**هەڵەبجەییەکان و خەڵکی سەردەشتی بریندار**

**فەیلی و خانەقینییەکان**

**قەلادزێیەکان**

**کەسوکاری قوربانیانی بۆمبابارنی بانە**

## گۆپتەپە و شێخ وەسان و سوێسنان و
## ئاوارەکانی کەرکووک
## دانیشتوانی ناوچە تەعریبکراوەکان
## جەماوەری هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان
## رۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەر جێگەیەکدان

.

.

رۆژی یەکەمی دادگایی سەدام و هاوکارانی لەسەر دۆزی ئەنفال، با هەموو پێکەوە برژێینە سەر شەقامەکان، داوای بە فەرمی ناسینی ژینۆسایدکردنی کورد بکەین، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەوەکانی داهاتوومان قڕ نەکرێنەوە، پێویستە دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردنمان لێ بکات و سەرجەم تاوانبارانی کۆمەڵکوژییەکانمان دادگایی بکرێن، قوربانیانیش هەموو بێ جیاوازی قەرەبووبکرێنەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین و داواکارییەکانمان کاریگەر بن، با لە ئێستاوە هەموو پێکەوە دەستەی ئامادەکار پێک بهێنین بۆ زەماوەندی دادگایی تاوانباران .
بۆ ئەوەی لەم شەڕەیان نەدۆڕێین، هاتنە مەیدانی ئێمەی جەماوەر و کەس و کاری قوربانیان بۆ سەر شەقامەکان و بەرزکردنەوەی داواکارییەکانمان مەرجی سەرکەوتنمانە، رۆڵی کاریگەر دەگێڕێت بۆ دیاریکردنی رەوتی دادگاییەکە ..

## قوربانیانی کوردستانی خۆرهەڵات
## خەڵکی شارەکانی سەردەشت، زەردە، شنۆ، رەشە هەرمێ
## جەماوەری باینجان ، مهاباد، مەریوان، خانە، زێوە، کرماشان

ئێوەش بۆ ئەوەی مافەکانتان چاوپۆشی لێنەکرێت، لە هەمان رۆژ شان بە شانی براکانتان لە کوردستانی باشوور برژێنە سەر شەقامەکان و داوای کردنەوەی پەروەندەی ئەو تاوانانەی لە بەرامبەرتان کراوە لە دادگا، بکەن، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ قەرەبوکردنەوەتان لە ئایندەدا .

## کوردستانیان لە هەر جێگەیەکدا هەن

دادگایی سەدام و هاوکارانی لەسەر تاوانی ئەنفال، لەپای گەورەترین تاوانی سەردەم بەرامبەر بە گەلەکەمان، سەرکەوتنی هەموومانە، پێویستە ئێوەش لە زەماوەندی دادگاییەکەی رۆژی دەستپێک ((21-8))بەشداری کاریگەر بکەن، پشتگیری هەمەلایەنە لە داواکارییەکانمان بکەن بە دەست هێنانی ئەو سەرکەوتنە یاساییانە، دەرگایەکی گەورە لە بەردەم چارەنووسی سیاسی هەموو کوردستان ئاوەڵا دەکات و دەبێتە قەڵخانێکی کاریگەر بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە ژینۆساید بپارێزێت بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو رەخنەمان لێ نەگرن لە8/21 وەرنە مەیدان
دڵنیابن لەم رۆژەدا دەیان هەزار ژن ومنال و پیرو گەنجانی ئەنفال و کیمیاباران کراو چاویان لەئێوەیە پشتکریان بکە ن .

**بە هیوای شادکردنی گیانی شەهیدان و سەرکەوتنی گەورە**

**ناوەندی چاک**

4-7-2006

www.chak.info

---

# داوای لیبوردننەکردنی عێراق لە گەلی کورد، سووکایەتییە بە گەلی کورد و سەدان هەزار قوربانی.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

**بەرێز سەرۆکی هەرێم کاک مەسعود بارزانی**

**بەرێز جێگری سەرۆکی هەرێم کاک کۆسرەت ڕەسول**

**بەرێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاک عەدنان موفتی**

**بەرێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتە سیاسیەکانی کوردستان**

**بەرێزان ئەندام پەرلەمانانی کوردستان**

**بەڕێزان وەزیرانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان**

یەکێک لەتاوانە هەرە گەورەکانی ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی گەلەکەمان تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی زۆر لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوو، کە بەپێی ڕێکەوتنامەی ژنێف دەتوانرێت وەک تاوانی جینۆساید بناسێنرێت، کەچی بەداخەوە دوای تێپەڕینی 18 ساڵ بەسەر کارەساتەکان و 15 ساڵی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، نەتوانراوە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە بگاتە نێو نێوەندە سیاسییە بڕیار بەدەستەکانی جیهان، دیارە کەموکورتی گەورە لە

خۆمانەوەیە، چونکە کاری کەممان لەم بوارەدا ئەنجام داوە، لەکاتێکدا بەشێک لەو دەستکەوتە سیاسیانەی ئەمڕۆ کە لە کوردستانی باشوور بەدەست هاتوون لەئەنجامی قوربانیدانی ئەو خۆشەویستانەوەیە. دەبێت ئەوە بلێین، زۆر میللەت بەهۆی ئەو کوشتارە بەکۆمەڵانەی بەرامبەریان کراوە، توانیویانە دەستکەوتی سیاسی گەورە بۆ نەتەوەکانیان بەدەست بهێنن و تۆڵەی سیاسیانەی خۆشیان لە ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژی گەلەکانیان بکەنەوە. ئەمە جگەلەوەی بەچاوی خۆمان دەبیینین دەزگا سیاسیەکانی وڵاتان لەپێناوی ڕزگارکردن و چارەنوسی هاوڵاتییەکانیان چۆن هەموو ڕێگەیەک دەگرنەبەر.

ئێمەی کورد جگەلەوەی خۆمان کەممان کار کردوە لەم بوارەدا، زۆر هەڵی باشیش لەم بوارەدا هەڵکەوتووە، بەڵام بەداخەوە کەم سوودمان لێ بینیوە.

یەکێک لەو هەڵە زێرینیانەی لە بەردەستدایە مەسەلەی دادگایی کردنی سەدام و هەندێ لەداروودەستەکەیەتی, بڕیار وایە ڕۆژی 21-8-2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا، لەو ڕۆژەدا تەواوی میدیای جیهانی چاوی کامیراکانیان دەخەنە سەر کوردستان، دانیشتوانی جیهان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەسەر رووپەڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیانەوە سەیری کاردانەوەی کورد لەبەرامبەر پرۆسەی دادگاییەکە دەکەن، ئەو ڕۆژە دەبێتە حەشری راگەیاندن.

هەریەکێک لە ئێوەی بەڕێز خاوەن شێوەیەکی دەسەڵاتی سیاسی و یاساییە لەکوردستاندا، هەر بۆیەش بەرپرسیاریەتی مێژوویی لەهەر کەم وکورتیەکدا لە مامەمەڵەکردن لەسەر ئەم بابەتە، بەپلەی یەکەم لە ئەستۆی ئێوەدایە.

بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بڕیار بدەن کەوا چالاکی هەمەجۆری سیاسی لەم ڕۆژەدا سازبکرێن. پێویستە خۆشتان لەم ڕۆژەدا هەڵوێستی تایبەتیتان هەبێت. هەموو لایەکیشمان باش دەزانین لەم شێوە چالاکییە هاوبەشانەدا پەیوەندی نێوان گەل و دەزگا سیاسیەکان پتەوتر دەبێت. .

داواتان لێ دەکەین لەهەموو دام ودەزگا سیاسیەکان و شوێنە گشتیەکاندا لەیەکەم چرکەی دادگایی کردنەکەدا، هەر کەسە لە ئاستی خۆی مۆمێک بۆ قوربانیان داگیرسێنیت.

پێویستە لەم ڕۆژەدا خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری لەهەموو شارو شارۆچکەکاندا ساز بکرێن.

لەکۆتاییدا ئەوە دەلێین کوردانی هەندەران و ڕیکخراوی چاک دەتوانن لەم ڕۆژەدا بە خۆپیشاندان و نارەزایی بچنە بەردەم باڵوێزخانەکانی عێراق، بەڵام بێ بەشداری گونجاوی ئێوە و چاڵاکی لە نێو نیشتماندا، ناتوانین ئاستی گەورەیی تاوانەکە وەکو پێویست بە جیهان بناسێنین.

با هەمووومان وەک بچوکترین وەفاداری بۆ ئەو دەیان و سەدان هەزار ژن و مناڵانەمان، کە بەو پەڕی شێوازی دڕندەیی و نامرۆڤانە لەنێو بردراون و سوکایەتیان پێکراوە، کارو چالاکیەکانمان یەک بخەین. وەڵامێکیش بە دۆژمنانی گەلەکەمان بدەینەوە و وەک یەک نەتەوەی یەکگرتوو خۆمان بە جیهان بناسێنین.

**ناوەندی چاك**

www.chak.info

---

# دادگایی بۆ سەرجەم تاوانبارانی جینۆساید

# کردنەوەی پیشانگای پۆستەری" 18 ژنی فرۆشراو بە میسر " لە ڕۆژی دادگایی سەدام حسێن 21-8-2006 لەسەر دۆزی ئەنفال لە شاری کەرکووک

بەبۆنەی دەستپێکی دادگایی سەدام حسێن لەسەر دۆزی ئەنفال , لە لایەن کۆمەڵەی ڕوناکبری و کۆمەلایەتی کەرکوک و ناوەندی چاکەوە پیشانگای پۆستەری هاوبەشی هونەرمەندانی کورد لە شاری کەرکوک دەکرێتەوە , کە بەرهەمەکان تایبەتن بە ئەنفال و 18 پاکیزەکەی کورد لە میسر .

تاکو ئێستا چەندین هونەرمەند بەشدارن و دەیان پۆستەر گەیشتوون .

هەمان ڕۆژ هەمان پیشانگا لەسەر ئەنتەرنێتیش دەکرێتەوە .

دوا مۆڵەت بۆ وەرگرتنی بەرهەمەکان 21-7-2006.

بەم ناونیشانە پۆستەرەکان بنێرن :

Chak_org@yahoo.com
0031152129446

**داوا لە هونەرمەندانی بە هەڵوێست دەکەین بەشداری ئەم پیشانگایە بکەن , کە بۆخۆی بەشێکە لە هەڵمەتی پشتگیریکردن لە دادگایی دکتاتۆری تاوانبار .**

**ناوەندی چاک**

**2006-7-10**

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info
C.H.A.K The Centre of Halabja
Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# پەیام بۆ سەرجەم نووسەران , شاعیران , هونەرمەندان و داهێنەرانی بەڕێزی گەلەکەمان

خۆشەویستان هەروەك ئاگادارن ڕۆژی 21-8-2006 سەدام و عەلی کیمیاوی و هاوکارانی لەسەر دۆزی ئەنفال دادگایی دەکرێن , ئەوەی بۆ ئێوەی بەڕێز و داهێنەر ڕون و ئاشکرایە , گەورەیی دۆزەکەو گرنگی بڕیارەکانی دادگا و کاریگەری داواکارییەکان و جۆش و خرۆشی جەماوەری کوردستان بەرامبەر بە دادگاییەکە , کاریگەریی گەورەیان دەبێت لەسەر ئاراستە و ڕەوتی بڕیاری دادگاییەکە .

ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە گەلی کورد , ئەگەر ئەم کارەساتە گەورەیە لەم دادگاییە بە ژینۆساید نەناسرێت , بێ ویژدانیشە دەوڵەتی عێراقی داوای لێبوردن لە گەلەکەمان نەکات , بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیە , کە بە ناوی ئەوەوە و لە ژێر سایەی ئاڵاکەیدا دژمان ئەنجامدراوە , ئێوەی داهێنەریش گرنگی ئەو دوو داواکارییە دەزانن لەسەر داهاتووی سیاسی نیشتمان و گەلەکەمان .

بۆیە جێی خۆیەتی ئەم داواکارییانە سەرجەم هاووڵاتیانی گەلەکەمان ئەو ڕۆژە یەك بخات , کارەساتی گەورە لەوەدایە ئەم هەلەمان لە کیس بچێت و ئەو داخوازانە بەدەست نەهێنین لەم قۆناغە ناسکەی پێیدا تێدەپەڕین .

لەم نێوەدا ڕۆڵی ئێوەی داهێنەر لە پێشەوەیە , چ بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆتان لە کەمپینە سەرانسەرییەکە کە هەمان ڕۆژ بە هاوئاهەنگی لە گەرمیانەوە بۆ ئەسکەندەنافیا چالاکی ئەنجام دەدەن , یاخود نامەی پشتگیری بنووسن بۆ ئەو هەڵمەتە جەماوەرییە , یاخود بە وتار و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو شیعر و بەرهەمەکانتان بەشداری بکەن لە هاندانی جەماوەر و ئاراستەکردنیان بۆ بەشداری لەو هەڵمەتە و دەرخستنی گرنگی دادگاییەکەو بە ژینۆساید ناسینی تاوانەکەو داوای لێبوردنی دەوڵەتی عێراق لە گەلی کورد .

چۆن هەموو کات دەستپێشخەریتان کردوەو لە پێشەوە بوونە , داواکارین ئەمجارەش لە ئێستاوە بەو ڕۆڵە مێژووییەی خۆتان هەڵسن , با ئەم هەلە مێژوویی و چارەنووسسازە لە دەست نەدەین .

**چاوەڕوانی هیمەتی هەموو لایەکین**

ناوەندی چاك

2006-7-27

# هەموو قوربانیانی دەستی بەعس لە گشت پارچەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی قەرەبوو بکرێنەوە

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

**پەیام بۆ سەرجەم :**

**کەس و کاری ئەنفالکراوەکان**

**دایکی شەهیدان**

**کەس و کاری بارزانییەکان**

**قوربانیانی شاری هەڵەبجە**

**فەیلییە بێ سەروشوێنەکان**

**شەهیدانی قەڵادزێ , ڕەواندز , شەقڵاوە ...**

**جەماوەری سەردەشت , گۆپتەپە , شێخ وەسانان , زەردە , سوێسنایەتی ...**

**سەرجەم قوربانیانی دەستی بەعس**

خۆشەویستان ڕۆژی 21-8 سەدام و هاوکارانی , ئەوانەی ڕۆڵەکان و خۆشەویستانی ئێوەیان بە کۆمەڵ لەناو برد , لە پای ئەو تاوانانە دادگایی دەکرێن , ئەم ڕۆژە بۆ هەموو کورد مێژووییە بە تایبەتیش بۆ ئێوەیەک کە ڕاستەوخۆ قوربانی دەستی ئەو تاوانبارانە بوونە .

ڕاستە لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا بە کولە مەرگی ژیانتان بردە سەر , ڕاستە بەشێك لەوانەی تاوانیان بەرامبەرتان ئەنجامدا لە جاش و سیخوڕ و بەعسی و فایلدار ئەمڕۆ لە ئێوە دەستڕۆیشتوترن لە کوردستان , ئەزانین ئەم دیاردانە ئەم 15 ساڵە زۆر ئازارتانیان دا , بی٘هیواو ئومێدتانیان کرد, بەڵام لە بیرتان نەچێت ئەو دادگاییە بۆ ئێمە بە تایبەت پاشماوەی قوربانیان زۆر گرنگە , بڕیارەکانی بۆ داهاتووی گەلەکەمان چارەنووس سازە , دادگایەکی بەربڵاوەو لە ڕێگەی ئێوەوە دەتوانرێت هەموو تاوانباران ڕاکێشرێنە پای ئەو دادگایە , بۆیە داخوازین لەو ڕۆژەدا هەموو یەککگرتووانە بڕژێینە سەر شەقامەکان و داخوازەکانمان بەرامبەر بە دادگا بە شێوەی هێمنانە و شارستیانە بەرز بکەینەوە کە خۆی لە بە ژینۆساید ناسینی تاوانەکان و بە فەرمی داوای لێبوردن کردن لە گەلەکەمان لە لایەن دەوڵەتی عێراقییەوە دەبینێتەوە .

ئێمەی کەس و کاری قوربانیان هەموو کات لەگەڵ دادگایەکی عادیلانەدا بووینە , ئێستاش ئەم داخوازانەمان بە عادیلانە دەزانیین .

بە هیوای کۆبونەوەی جەماوەری گشتی لە ڕۆژی 21–8 , نیشاندانی ئەوەی گەلێکی یەککگرتوو و شارستانیین , بتوانیین ئەو ڕۆژە ڕوحیانەتی قوربانیانمان شاد بکەینەوە , لە ڕێگەی دادگاییکردنی بکوژانیانەوە بگەین بە ئاوات و ئامانجەکانیان .

ناوەندی چاك

**2006–7–28**

## سمیناریک بۆ ناوەندی چاک لەسەر دۆزی دادگایی سەدام حسین لە سەر ئەنفال

**لە پیَناو گەشەدان بە چالاکی و خۆپیشاندانەکانی رۆژی , 8-21**
لە رۆژی دادگایی سەدام حسین و هاوکارانی , ناوەندی چاك سمیناریك لە ژوری پیشمەرگە دیرینەکان ریك دەخات بۆ ئەندامانی چاك روناك شوانی و عەلی مەحمود , سەبارەت بە گرنگی دادگایی سەدام حسین و پیویستی **کاردانەوەی جەماوەری کوردستان و جیخستنی داواکارییەکانمان**

رۆژ چوار شەممە 2006-8-2
کاتژمێر 9 ی شەو بە کاتی ناوەندی ئەوروپا
پاڵتاك : ژوری پیشمەرگە دیرینەکان

---

## پێویستە داگا دوور بێت لە هەموو دەستتیوەردانێکی ناوچەیی و دەوڵەتی.

---

### سمیناریک بۆ ناوەندی چاک سەبارەت بە دادگایی سەدام حسین لە ژووری ئیرە دەنگی کوردستانە

رۆژی سێشەممە 2006-8-8 , کاتژمێر 21ی ئێوارە بە کاتی ناوەندی ئەوروپا , سمیناریك ریك دەخریت بۆ بەریزان ئەندامانی لیژنەی بەریوەبەر کاك ئاریز دەرەپووری بەرپرسی کۆمیتەی خۆرهەڵات و نزار رەسوڵ بەرپرسی لیژنەی کەمپین و چالاکییەکانی چاك , لە ژووری ئیرە دەنگی کوردستانە سەبارەت بە پرۆسەی دادگایی سەدام حسین لە 8-21 و خۆپیشاندان و چالاکییەکان لەو رۆژەدا و گرنگی دادگاییەکە بۆ کورد .

بە بەشداریتان لەو کەمپینە جیهانییە , بەشدار دەبیت لە شەرمەزارکردنی تاوانباران

---

# حکومەتی عێراقی و حکومەتی کوردستان بەرپرسن لە چارە نووسی ئەو زارۆک و ژنانەی کە فرۆشراون یان بەخشراون بە وڵاتانی عەرەبی.

کۆڕێک لەسەر پرۆسە ی دادگایی کردنی سە دام و هاوکارانی و خۆپیشاندانەکانی رۆژی 8/21

رۆژی 25 /7 کاتژمێر 9 ی شەو لە ژوری کوردستان یۆنایتید کۆڕێک ساز دەکرێت بۆ ئەندامانی چاک چنور سدیق و قادر نادر سە بارەت بە دادگایی کردنی بەشێک لەسەرانی ڕژێمی بەعس لەسەر تاوانی ئەنفال و هەوڵەکانی ڕێکخراوی چاک بۆ خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی 8/21 لە ئەوروپا و کوردستاندا

---

# داگای لاهای کردەی ژینۆسایدی ساغ کردەوە ، بە کەمتر لەوە ڕازی نابین.

## بانگەوازی ناوەندی هەڵەبجە (چاك) لەکوردستان و سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە سەبارەت بە خۆپیشاندانی سەرانسەری لە 21-8 ( ڕۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال)

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان**

**کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالو جینۆساید**

ڕۆژی **8/21**ی ئەمساڵ یەکەمین دانیشتنی دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفال دەستپێدەکات، هەڵبەت ئەو ڕۆژە دەبێتە بۆنەیەکی مێژوویی بۆئێمەی کورد، ناجۆرە وەك ڕۆژانی ئاسایی تێپەڕێ، لەبەر ئەوەی لەیەکەمین ڕۆژی هاتنە سەرحوکمی دەسەڵاتدارانی بەعسەوە, ئێمە خەون بە دەرفەتێکی واوە دەبینین، بەتاییەتی لەدوای کارەساتی ئەنفالەوە دادگایکردنی تاوانبارانی ئەنفالو نەخشە دارێژەرانو

ئەنجامدەرانی **بوونەتە گەورەترین هیوای گەلی کورد بەگشتیوکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بەتایبەتی، هەڵبەت ئەو ڕۆژە ئێمە دەبینە نیشانەی کامێراکانی جیهان، کاردانەوەی تاکی کورد لەو ڕۆژەدا دەبێتە ئاوێنەی تراژیدیاکانی ئەنفالونەفرەتمان لە دەسەڵاتی تۆتالیتاری، دەبا لەو ڕۆژەدا ئێمەی کورد بە خۆپیشاندانی جەماوەریی هەستی بەرپرسیارێتیمان بە هەموو جیهان پیشان بدەینو بۆهەتا هەتایە تاوانباران ریسوابکەینو سەرنجی هەموو جیهان بۆ ئەو ڕووداوە ڕاکێشین.**

## هاوڵاتیانی بەڕێز

## کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالوکیمیاباران

**)ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالوجینۆسایدکردنی گەلی کورد) و) سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە) لەزۆربەی وڵاتانی دونیا لەبەردەم باڵوێزخانەکانی عێراق بەگوڵی ڕەشەوە خۆپیشاندان ساز دەکەن, لەکوردستانیش پاش وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی لەوەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان, لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە هاوکارو هاوئاهەنگەکان بەو بۆنەیەوە ڕۆژی 2006/8/21 لەهەردوو کۆمەڵگەی شۆڕش و رزگاری خۆپیشاندان سازدەکەن، لێرەوە داواکارین کەوا هەرچی لەتوانادایەو هەرچیمان لەدەست دێت، بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە بادرێغی نەکەین، بەشداریکردنمان لەم خۆپیشاندانە یان بەلایەنی کەمەوە لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی عێراق و پارچەکانی تر پەرچەم و ئاڵای ڕەش لەسەربانی ماڵەکانیان هەڵبواسن و هەرهاوڵاتییەك لای خۆیەوە بۆ گوزارشت لەکارەساتی ئەنفال دەتوانێ پارچەیەکی ڕەش لەبەرۆك بدات, هەموو ئەمانە جگەلەوەی بەکردەوە ڕێزگرتنمانە لە قوربانیانی ئەنفال،لەهەمان کاتدا پشتگیریی لەهەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کەلەشوێنە جیاجیاکانی کوردستان و دەرەوە بۆ ئەو بۆنەیە چالاکی دەنوێنن و لەهەمانکاتیشدا ریسواکردنی هەموو ئەوکەسولایەنانەیە دەستی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەئەنفالوجینۆسایدکردنی کورددا هەیە.**

**بۆیە داواکارین، ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی وەرچەرخانێکی گرنگ لەنێوان کارەساتوهەستانەوە بەرووی هەموو جۆرە زوڵمێك بەرامبەر مرۆڤ ومرۆڤایەتی. هەروەها داوا لەهەموو ڕێکخراوە جەماوەرییو پیشەییوهونەرییەکانیش دەکەین، پێکەوە ئەو کارە بکەین و ئەو بۆنەیە بەرێزگرتنێکی شایستە بەڕێوەبەرین.**

**ناوەندی هەڵەبجە (چاك) لەکوردستان سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە**

**5/8/2006**

## پەیام بۆ سەرجەم دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی ( تەلەفزیۆن ، ڕۆژنامە ، ڕادیۆ ، سایتی ئەنتەرنێتی ، دەزگای هەواڵ ... ) .

بەڕێزان هەروەک ئاگادارن ڕۆژی ٢١-٨-٢٠٠٦ سەدام و عەلی کیمیاوی و هاوکارانی لەسەر تاوانی ئەنفال دادگایی دەکرێن ، گەورەیی ئەم ڕۆژە و گرنگی بڕیارەکانی و کاریگەری جۆش و خرۆشی جەماوەری کوردستان لەسەر ڕەوتی دادگاییەکە بۆ ئێوە ڕوون و ئاشکرایە .

ئاسەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە گەلی کورد ، ئەگەر ئەم کارەساتە گەورەیە لەم دادگاییە بە ژینۆساید نەناسرێت . بێ ڕێزیشە دەوڵەتی عێراقی داوای لێبوردن نەکات لە گەلەکەمان . بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیە کە بەناوی ئەو و لە ژێر سایەی ئالاکەیدا ئەنجامدراوە . بۆیە جێی خۆیەتی ئەم داواکارییانە سەرجەم هاووڵاتیانی گەلەکەمان ئەو ڕۆژە پەنە بخات و هەموو یەکگرتووانە بێنە پێشەوە و داوا و مافە ڕەوا پێشێلکراوەکانی لەگەڵ نیشتمان بەدەست بهێنن . کارەساتی گەورە لەوەدایە ئەم هەلەمان لە کیس بچێت و ئەو داخوازانە بەدەست نەهێنین لەم قۆناغە .

لەم نێوەدا ڕۆڵی ئێوەی هوشیار و تێکۆشەر بۆ پەروەردەکردن و ئاراستەکردن و جۆشدانی جەماوەر و دروستکردنی ڕای گشتی بەو داواکارییانە زۆر مەحوەری و گرنگە . داواکارین لە ئێستاوە بەو ڕۆژە مێژووییە خۆتان هەڵسن ، با ئەم هەلە مێژوویی و چارەنووسسازە لە دەست نەدەین .

**چاوەڕوانی هیمەتی هەموو لایەکین**

ئەرەڵدی چاک

٢٤-٧-٢٠٠٦

# بەشێکی گرنگ لە دادگایی تاوانباران بگوازرێتەوە کوردستان ، بە تایبەتی بۆ شاری هەڵەبجە

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەی عیراق لە شاری ستۆکهۆڵم , 21-8 ڕۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال

**بڕیار وایە ڕۆژی 21-8 ـ 2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا، لەو ڕۆژەدا پێ دەچێ تەواوی میدیای جیهانی چاوی کامێراکانیان بخەنە سەر کوردستان و دانیشتوانی جیهانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە سەر ڕووپەڕی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیانەوە سەیری کاردانەوەی کورد بکەن لەبەرامبەر پرۆسەی دادگاییەکە، ئەو ڕۆژە ببێتە حەشری ڕاگەیاندن.**
**هەمان ڕۆژ لە کوردستان و هاندەران جەماوەری گەلەکەمان داخوازییەکانی خۆیان ڕادەگەیەنن و خۆپیشاندانی سەرانسەری ڕێکدەخەن, بۆ پشتگیری لە دادگایی سەدام حسێن و هاوکارانی و بەدەست هێنانی داخوازەکانی گەلەکەمان , کە گرنگترینیان بریتیین لە :**

- **دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.**
- **دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.**
- **بەشیک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان**
- **قەرەبووی سەرجەم زیان لیکەوتووانی کورد بکرێتەوە کە بە د ە ستی بەعس زە رە ر مە ند بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان**
-

### کات : دوو شەممە کاتژمێر 1 بۆ 3 ی پاش نیوەڕۆ 21-8-2006

### شوین : بەردەم باڵویزخانەی عیراق لە ستوکهۆلم- سوید

**ئێمە ئەم پارت و ڕێکخراوانەی لای خوارەوە کە ناومان هاتووە داواکارین لە جەماوەری کوردستان پشتگیری لەم داخوازیانە بکەن , هە روە ها داواکارین لە ڕەوەندی کوردی لە ستۆکهۆڵم و لە سەرتاسەری سوێددا بەشداری بکەن لە خۆپیشاندانی بەردەم باڵوێزخانەی عیراق لە شاری ستۆکهۆڵم**
**.**

**پارت و ڕێکخراوەکانی ڕێکخەری خۆپێشاندانەکەی شاری ستۆکهۆڵم :**

**کۆمیتەی هاوکاری پارت و هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان لە سوید (کە لە 18 پارت و ڕێکخراوی سیاسی هەر 4 پارچە کەی کوردستان پێک هاتووە ) .**

**فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان**

**یەکیەتی ژنانی کوردستان-سوید**

**کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سوید**

**رادیۆی زرێبار**

**گروپی خوێندکارانی سۆسیال دیموکراتی کورد**

**دۆستانی ژینگەی کوردستان**

**ڕێکخراوی گەشەی ژنانی کوردستان لە سوید**

**کۆمەڵەی هونەری کوردی- سویدی**

**کۆمەڵەی منداڵ دۆستانی کوردستان**

**کۆمەڵەی هیوای کوردستان**

**سەنتەری ئەنفال بۆ لێکۆڵینەوەو دۆکۆمینت کردن**

**ڕێکخراوی ژنان بۆ ئەنفال**

**ناوەندی چاک / سوید**

**دەرگا کراوەیە بۆ هەر پارت و ڕێکخراویکي دیکە بەشدار بێت**

**بۆ پەیوەندیکرن :**


ronakshwani3k@hotmail.com

**ژمارە تەلەفۆن:**

0736193769 **چنور سە دیق**


---

## هەموو قوربانیانی دەستی بەعس لە گشت پارچەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی قەرەبوو بکرێنەوە

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

# داوەتنامەی کراوەی چاک  لە نە رویج بۆ
# بە شداری لە خۆپیشاندانی 21-8-2006

**بۆسەرجەم   پارت و رێکخراو و کەسو کاری ئەنفال وشەهیدانی کیمیاباران و کەسایەتی و خەلکی ئازادیخواز**
**لە ئۆسلۆ و شارەکانی تری نەرویج**

بە رێزان هەروەک خۆتان ئاگادارن رۆژی 21-8 سەدام و علی کیمیای و هاوکارانیان لەسەر دۆزی ئەنفال    وکیمیاباران دادگایی دەکرێن.
بۆ ئەم مەبەستە ناوەندی چاک کۆمیتەی نەرویج هەلدەستێت بە داوەتکردنی ئێوەی بە رێز بۆ گفتو گۆکردن و دروستکردنی  دەستەیەکی هاوبەش بۆ بەرێوەبردنی خۆپیشاندان لە ( رۆژی دادگاییکردنی سەدامدا).
وەرن با هە مومان  بەشداربین لە بە جینۆساید ناساندنی  ئەنفال و کیمیاباران ، با بە پێشنیار و بۆ چونەکانتان و  بەشداری راستەوخۆتان رێپێوانەکە گەورەتر و بەجینۆسایدناساندنی ئەنفالیش مسۆ گە رتر  بکە ن.
لەم ئێوارە کۆرەدا ئەم باسانە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت
1) باسێکی کورت لەسەر دادگاییکردنی سەدام و سود و قازانجەکانی بۆ خەلکی کوردستان.
2)گۆرینەوەی بیرو ڕاو تاوتوێکردنی پێشنیازەکان.
3)دروستکردنی دەستەیەک بۆ سەرپەرشتی رێپێوانەکە

## شوێن     :

## Dronningen  gate 23

| | |
|---|---|
| رۆژ | شەممە |
| بەروار | 2006-8-5 |
| کات | 6 ی ئێوارە |

**بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە ن بەم ژمارە تلفۆنانەوە**
412931080047
0047 97069320
Chak-norge@hotmail.com

هه موو پارت و رێكخراو و كه سايه تيبه ك  ده توانيت به شدار بيت له كۆميته كه

## ناوەندی چاک

### کۆمیتەی نەرویج

# ئەنفال= ژینۆسایدی گەلی کوردە

## کۆبونەوەی کۆمیتەی هاوکاری لایەنە کوردستانییەکانی مالمۆ

بۆ پشتگیری ڕێکخراوی ( چاك) لە خۆپیشاندانی ڕۆژی 21-8 ، کۆمیتەی هاوکاری لایەنە کورستانییەکانی مالمۆ کۆبونەوەیەکی فراوانی کراوە بۆ سەرجەم پارت و لایەن و بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و کۆمەڵە کوردییەکان و کوردستانییان ساز دەکات .

بەهیوای ئامادەبوونتان.

شوێن: کۆمەڵەی کوردی مالمۆ پشتMigrationsverket
ڕۆژ: یەکشەممە 6-08-2006
کات: 17.00 ی ئێوارە

ڕاگەیاندنی
کۆمیتەی هاوکاری لایەنە کوردستانییەکانی مالمۆ
0704089091 Comviq

**2006-08-03**

# دادگایی بۆ سەرجەم تاوانبارانی جینۆساید

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## با دادگای تاوانباران ڕۆژی یەکگرتنمان بێت .

**٢١/ ٨/ ٢٠٠٦ ڕۆژی دادگای سەدام و عەلی کیمیاوی و دارودەستەکانیانە لەسەردۆزی ئەنفال وکیمیاوی باران . ڕۆژی سەرکەوتنی ئیرادەمانە بەرامبەر تاونباران ، ڕۆژی ناساندنی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردە ، پێدەچێت لەو ڕۆژەدا زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاوی چاوەڕوانی بخەنەسەر دادگای تایبەت بۆ دادگایی کردنی سەرۆکی پێشوی عێراق و هاوکارانی ، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەست بەبەرپرسیاری کردنی مرۆڤی کوردە بەرامبەر ئەو تاوانانەی بەرامبەرمان کراوە ، وەرن با پێکەوە ڕۆحی قوربانیان شادو ئاسودە بکەین ، وەرن با دەست لەناو دەست دوور لە بیری حیزبایەتی وتەسکبینی پارێزگاری لە کەرامەتی نەتەوەکەمان بکەین . چاوەڕوانی هیمەتی مرۆڤانەو دڵسۆزیتانن ، وەرن با پێکەوە ئەو سنورە دەستکردە بسڕینەوە و بە یەک دەنگ و ڕەنگ خۆمان نیشانی دنیا بدەین .**

**ناوەندی چاک پێشنیاری پێکهێنانی کۆمیتەی بەڕیوەبردنی ڕێپێوانی ٨/٢١ دەکات و داواکارین لە هەموو لایەنەکان کە بەئەرکی مرۆڤایەتی و نەتەوەی خۆیان هەستن .**

**بۆ پەیوەندی و زانیاری زیاتر :**

**١ ـ هێمن ڕەووف ٠٥٥ ٤٤ ٢٢ ٩٨٠**
**٢ ـ ناسر ئەزەخ ٠٦٢ ٥٣٤ ٠١ ٣٠**
**٣ ـ هاوژین عەلی ٠٥٢ ٦٢٠ ١٤ ٥٨**
**٤ ـ ئەیوب ڕەحمانی ٠٤٤ ٣١٣ ١٧ ٢٧**
**٥ ـ ئەیوب عەبدوڵا ٠٦٢ ٥٣٤ ٥٩ ٥٦**
**٦ ـ عوسمان تازیک ٠٧١ ٥٣٤ ٩٤ ٨٠**
**٧ ـ ئاسۆ ٠٣٢ ٥٣٥ ٠١ ٩٧**
**٨ ـ حاجی ئەنوەر ٠٣١ ٩٩٢ ٢٩ ٧٧**

## به هەموو پیوەریک  ئەنفال تاوانی ژینۆسایدە

## وەزارەتی شەهیدان وکاروباری ئەنفالکراوەکان

### ئامادەکاریەکان بۆ رۆژی دادگایکردنی سەدام لە سەر دۆسەی ئەنفال

### پێشنیارەکان

ئەرکی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان

1. دروست کردنی پۆستەر و لافیتە (دابەش کردنی لە سەر رێکخراوەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان )
2. دابەش کردنی ئالای رەش ( ئارمی تایبەت ) لە سەر دام و دەزگاکان
3. هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی ئەوقاف بۆ ( بانگ دان و خوێندنەوەی نامەیەك كات ژمێر 10 سەر لە بەیانی )
4. هەماهەنگی لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیران بۆ راوەستانی كارمەندانی وەزاراتەکان و دامودەزگاکانی تر بۆ ماوەی 5خولەك ( کات ژمێر 10 سەر لە بەیانی )
5. وەرگرتنی پارکی سامی عەبدولرحمان پاش پێشکەش کردنی چالاکیەکانی رێکخراوەکان بۆ پارکەکە کە (شەونم خان ئامادەی دەکات )
6. پەیوەندی لە گەڵ راگەیاندنەکانی (ئەلمانیا، فەرنسا ، ایتالیا ، اسپانیا .... هتد ) بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان .
7. ئەنجام دانی کونفرانسێك بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی رۆژی 2006/8/21 بەهەماهەنگی وەزارەت و ناوەندی چاك بە مەبەستی بەرزکردنەوەی یاداشتێك بۆ نەتەوەیەگرتوەکان وە روونی کاتەوە کە (پرۆسەی ئەنفال چۆن بوو ، رەوشی ئێستای ئەنفالکراوەکان چۆنە لە رووی پەروەردە ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، تەندروستی ، نیشتەجێ وە پێشنیارەکان چین بۆ باشترکردنی رەوشیان )

ئەرکی راگەیاندن

1. پرۆپاگەندە بۆ دادگایکردنی سەدام پێش یەك هەفتە
2. بەرزکردنەوەی ئارمی ئەنفال لەلایەن هەموو دەزگاکانی راگەیاندن لە سەر شاشە .

**چالاکیەکانی ناوەندی چاك**

1. پێشانگای لە کەرکوك
2. هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەت بۆ جێ بەجێ کردنی پێشنیارەکانیان سەبارەت بە باگی مزگەوتەکان ، راوەستانی خەڵك لە سەر شەقامەکان .
3. دروست کردنی پۆستەر و لافیتە

## پیشنیاری تر بۆ تاو تۆ کردن

1. رێکخراوەکان چالاکی ئامادە بکەن وە وەزارەت بودجەی بۆ تەخان کات ( پارك )
2. ئارمی ئەنفال ئاماژە بە فەیلیەکان و بارزانیەکان و روداوەکانی 1991 بکات
3. ئامادەکردنی بلاّوکراوەی 4 لاپەرە لەسەر دۆسەی ئەنفال
4. رۆژی هەینی ملاکانی مزگەوتکان باسی ئەنفال بکەن
5. چالاکیەکان دوو رۆژ بێت (رۆژی پێش دادگایکردنەکە باسی ناخۆشی بکات وە رۆژی دادگایکردنەکە باسی خۆشی بکات )

لە کۆتایدا وەزیری شەهیدان وکاروباری ئەنفالکراوەکان پێشنیاری ژوری چالاکیەکانی پەسەند کرد کە لەلایەن ئامادەبوانە بەرز کرایەوە بۆ رێکخستنی چالاکیەکان وە نوێنەرانی رێکخراوەکان دەست نیشان کران بەم شێوەیەی خوارەوە :

1. صلاح مەزن ناوەندی چاك
2. نەدوە خاص کۆمەڵەی گۆرە بە کۆمەڵەکان
3. شونم رێکخراوی گارە بۆ چالاکی کۆمەلایەتی
4. زمان عەبدە رێکخراوی ئەنفالەکان
5. ا یوسف دزەیی سنتەری ئەنفال

# پێویستە عێراق، پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.

The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە بەردەم باڵویزخانەی عیراق لە شاری لەندەن , لە رۆژی 21-8 , رۆژی دادگایی سەدام لەسەر دۆزی ئەنفال

بریار وایە رۆژی 21-8 ـ 2006 سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا، لەو رۆژەدا تەواوی میدیای جیهانی چاوی کامیراکانیان دەخەنە سەر کوردستان , دانیشتوانی جیهانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە سەر رووپەری لاپەرەی رۆژنامەکانیانەوە سەیری کاردانەوەی کورد دەکەن لەبەرامبەر پرۆسەی دادگاییەکە، ئەو رۆژە دەبێتە حەشری راگەیاندن .
هەمان رۆژ لە کوردستان و هاندەران جەماوەری گەلەکەمان داخوازییەکانی خۆیان رادەگەیەنن و خۆپیشاندانی سەرانسەری ئەنجام دەکەن , بۆ پشتگیری لە دادگایی سەدام حسین و هاوکارانی و بەدەست هێنانی داخوازەکانی گەلەکەمان , کە گرنگترینیان بریتیین لە :

- دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.
- دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.
- بەشیک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان
- قەرەبووی سەرجەم زیان لیکەوتووانی کورد بکریتەوە کە بە د ە ستی بەعس زە رە ر مە ند بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان

هەڵسوراوانی ناوەندی چاک لە بەریتانیا , داوا لە هەموو پارت , ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دڵسۆزانی پرسی رەوای گەلەکەمان دەکات بە تایبەت لە لەندەن و دەوروبەری , بەشداری لە خۆپیشاندانەکان بکەن و جیگەی خۆیان لە ئامادەکرن و نوینەرایەتی بگرن .

دەرگا کراوەیە بۆ هەر پارت و ریکخراویک بە سوپاس و ریزەوە بەشدار بیت وەک لایەن لە ئامادەکردن و نوینەرایەتی خۆپیشاندانەکە .

شوين : بەردەم باڵويزخانەی عيراق لە لەندەن

**london \9\ holland villas road w14 8bp**

## بەروارِ : 21-8-2006
## كاتژمێر 12 ی نيوەرۆ

### بۆ پەيوەنديكرن :

adnankochar@hotmail.com

chak_org@yahoo.com

**ژمارە تەلەفۆن:**

00447709435998

**هەڵسوراوانی ناوەندی چاک لە بەريتانيا**

**پارتی ديموكراتی كوردستان**

**حيزبی شيوعی كوردستا**

**سەنتەری ئەنفال بۆ ليكۆڵينەوەو دۆكۆمينت كردن**

**ريكخراوی ژنان بۆ ئەنفال**

---

## پێويستە پەروەندی تايبەت بە كيميابارانكردنی شار و شارۆچكەكانی رۆژهەلاتی كوردستان بكريتەوە.

پشتگيری مەلبەندی پيشمەرگە ديرينەكان

Tuesday, 08 August 2006

**پشتگيری مەڵبەندی پێشمەرگە دێرينەكان (پاڵتۆڵک) سەبارەت بەخۆپيشاندانی سەرانسەری لە 21-8 رۆژی دادگايی سەدام و داروودەستەكەی لەسەر دۆزی**

(ئەنفال)

دەستەی بەڕێوەبەر لە ژووری مەڵبەندی پێشمەرگەدێرینەکان داوا لە گشت پێشمەرگە و دڵسۆزان و خەمخۆرانی گەلەکەمان دەکات بەو پەری تواناوە لە ڕۆژی دادگایی سەدام و داروودەستەکەی بەشداری سەرەکی و کەریگەرتان هەبێت لە خۆپیشاندانەکانی 21-8 دا ،بەم هەڵوێستەتان دەکارن ئەم ڕۆژە بکەنە بۆنەیەکی مێژووی نەتەوەی کورد بۆ ڕیسواکردن و نەفرەت لە جێبەجێکەرانی کارەساتی ئەنفال و ئەوەش بۆ داگیرکەران دووپات بکەنەوە کە هیچ دەستەو حیزب و تاقمێک ناتوانن جارێکی تر بەم شێوازە قەتڵ و عامی گەلەکەمان بکەن . بەشداریکردنتان لەم ڕۆژەدا دووپات کردنەوەی دڵسۆزی و گیانی شۆڕشگێڕیتانە بۆ قووربانیانی ئەنفال و خوێنی شەهیدە نەمرەکان .

دەستەی بەڕێوەبەر
مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان (پاڵتۆک

---

## داگای لاهای کردەی ژینۆسایدی ساغ کردەوە ، بە کەمتر لەوە ڕازی نابین.

## بانگەوازی دەستەی ئامادەکاری خۆپیشاندانی 21-8 لە هۆڵەند

**با بە یەکگرتوییمان لە رۆژی 21-8 دا ، ئە نفالکراوە کانمان و سەرجەم قوربانیان خۆشحاڵ و تاونباران و بەعسییەکان ڕسواتر بکەین !**

**2006-8-21 یەکەم ڕۆژی دادگایی تاونبارانی سە رانی بەعسە , سەرانی ڕژێمێک کە لە کورد کوژی و کۆمەڵکوژیدا ڕوی هەموو ئینسان کوژانی پێش خۆیان سپیکردبوە وە ، ئەم ڕۆژە گرنگی تایبتی خۆی هەیە لەبەرانبەر تاوانبارانی بەعس و ئەو دەستە و ڕژێمانەی کە دەیانەوێت بە ڕچەی بەعسدا بڕۆن ، ئەمە ڕۆژی دەربرینی هەستمانە لە ئاست ئەو برینە گەورەیەی کەوتە جەستەی گەلەکەمانەوە , هاوکات ڕۆژی هاو دەنگیمانە لە گەڵ سە رجە م قوربانیانی گەلەکەمان کە دەستی دڕندانەی بەعسیان پێ گەیشتووە , بۆ گەیشتن بە داخوازیە کانیان و قەربووکردنەوەی زیانە مادی و مەعنەوییە کانیان ، هەروەک ناچارکردنی دەولەتی عێراقە بە چوونە ژێر باری قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان و بە فە رمی داوای لێبوردن کردن لە خەڵکی کوردستان . با ئەم ڕۆژە بکە ینە کەمپەینێکی فراوان و کارا لە ناوەندە کانی ڕاگەیاندنی جیهانی لە پیناو زیاتر ئاشناکردن و ناساندی دۆزی جینۆسایدو کۆمەڵکوژی خەلکی کوردستان بە بیرو رای دەرەوە بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەیان ! .**

**سەرجەم هاوڵاتیانی کوردو دۆست و کەسوکاری قوربانییەکان لە هۆلەند، مرۆڤە ئازادی خوازەکان ، کۆمەڵ و لایە ن و ڕێکخراوە کوردییەکان، ژنان،...، بانگەوازتان دەکەین بۆ ریکخستنی خۆپیشانادانیک شایستە بیت بەو کارەساتە , چۆن کەمپەینی دوو ساڵەی تاوانباری هۆلەندی فرانس ڤان ئانراتمان پیکە وە بەسەرکەوتن گەیاند و شادیی و خۆشی و شادیمان خستە ناو دڵی قوربانییەکان وکەس و کاریانەوە ، دەتوانین 21-8-2006 ڕۆژی داگایی سەدام و دارو دەستەکەشی بکەینە دەرسێک بۆ بەعس و هاوکارانی و ئەو تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسایە لە نۆکەرو تاوانبارو ئەو کارگانەش کە یارمەتی ئەم ڕژێمەیان داوە .**

**ئەم ڕۆژە مێژوییانە دووبارە نابنەوە ، با گیانی قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵکوژییەکان شاد بکەین و خوازیاری سزای داد پەروەرانە بین بۆ سە رجە م تاوانباران .**

**لەو ڕۆژەدا ئەم داواکارییە رە وایانەمان هە یە:**

- **دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت.**
- **دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.**
- **قە رە بووی کەس و کاری قوربانیانی ئە نفال و ئاوە دانکردنەوەی ناوچەکانیان , هە روەها قەرەبووی سەرجەم زیان لیکەوتووانی کورد بکریتەوە کە بە د ە ستی بەعس زە رە ر مە ند بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان .**

**بەشداریتان وەفادارییە بۆ گیانی پاکی 182000 قوربانی ئەنفالی بێ گوناهو سەرجەم قوربانیانی کوردستان**

شوێن و کاتی خۆ پیشاندان:

2006 -8-21

کاتژمێر 13:00 دوا نیوەڕۆ

بەردەم سەفارەتی عێراقی لە شاری دینهاخ

**Johan de Wittlaan 16**

**2517 JR   Den Haag**

**بزوتنە وە ی ریفراندۆمی کوردستان -  هۆڵەند**

**یەکیتی نیشتمانی کوردستان- کۆمیتەی بەنەلۆکس**

**پارتی دیموکراتی کوردستان-لیژنەی هۆڵەندە**

**حیزبی شیوعی کوردستان**

**حیزبی زەحمەتکیشانی کوردستان- هۆڵەندە**

**ناوەندی گە شە  پیدانی کەرکووک**

**ناوە ندی  کوردی زۆتە رمیر**

**یەکیتی ژنانی کوردستان- هۆڵەند**

**یەکیتی قوتابییانی کوردستان-هۆڵەند**

**یانەی کوردی میدیا- ئە مستردام**

**ئە نجومە نی گەنجان لە هۆڵەندە**

**سەنتەری ژنانی تیلبۆرگ**

**سەنتەری ئەنفال بۆ تویژینەوە**

**ناوەندی چاک**

دەرگا کراوەیە بۆ هەموو پارت و ڕیکخراویک بە سوپاس و ریزەوە بەشدار بیت وەک لایەن لە ئامادەکردن و نوینەرایەتی خۆپیشاندانەکە .

## بۆ پەیوەندیکردن :


Alimahmud2001@yahoo.com

0638617622

nishtman_3@hotmail.com/

0641639958

s.mahmood@wanadoo.nl

0617360567


---

# داوای لیبوردننەکردنی عێراق لە گەلی کورد، سووکایەتییە بە گەلی کورد و سەدان هەزار قوربانی.

Klawrojna

کڵاوڕۆژنە

An Independent Online Kurdish-English Newspaper

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە لە ئەمریکا

ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی سەربەخۆیە

## لە رۆژی 21-8 , رۆژی دادگایی سەدامە لەسەر دۆزی ئەنفال

بڕیار وایە ڕۆژی لە ڕۆژی 21-8 ـ 2006، سەدام حسێن و هاوکارانی لە بەرامبەر تاوانی ئەنفال بدرێنە دادگا، لەو ڕۆژەدا تەواوی میدیای جیهانی چاوی کامیراکانیان دەخەنە سەر کوردستان , دانیشتوانی جیهانیش لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لەسەر رووپەڕی لاپەڕەی رۆژنامەکانیانەوە سەیری کاردانەوەی کورد دەکەن لەبەرامبەر پرۆسەی دادگاییەکە، لە هەمان رۆژ دا لە کوردستان و هەندەران جەماوەری گەلەکەمان داخوازییەکانی خۆیان رادەگەیەنن و خۆپیشاندانی سەرانسەری ئەنجام دەدەن بۆ پشتگیری لە دادگایی سەدام حسین و هاوکارانی و بەدەست هینانی داخوازەکانی گەلەکەمان , کە گرنگترینیان بریتیین لە :

• دەوڵەتی عێراقی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب ... وەک تاوانی ژینۆساید بە فەرمی بناسێت .
• دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات .
• بەشێک لە دادگاییەکە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان.
• قەرەبووی سەرجەم زیان لیکەوتووانی کورد بکرێتەوە کە بە دەستی بەعس زەرەرمەند بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستان .

داوا لە هەموو پارت , ریکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دڵسۆزانی پرسی رەوای گەلەکەمان دەکەین بە تایبەت ئەوانەی لە ڤیرجینیا و مەریلەند و واشینگتون دی سی  نیشتەجێن, بەشداری لە خۆپیشاندانەکە بکەن  . دەرگا کراوەیە بۆ هەر پارت و ریکخراویک بە سوپاس و ریزەوە بەشدار بێت وەک لایەن لە ئامادەکردن و نوینەرایەتی خۆپیشاندانەکە .

شوین : بەردەم باڵویزخانەی عیراق لە واشینگتون دی سی:

1801 P Street, NW
Washington, DC 20036
Tel: (202) 483-7500

کاتژمێر: 10 ی بەیانی

تکایە بۆ زانیاری پتر پەیوەندی بکەن بە:

703 -801-5228 ساقی بارزانی :
www.klawrojna.com ماڵپەڕ:

---

# بە هەموو پیوەریک  ئەنفال تاوانی ژینۆسایدە

## بانگەواز بۆ گشت پارت و رێکخراوە سیاسیی و کولتوورییەکانی کورد لە ئەڵمانیا

بەڕێزان وەک دەزانن، رۆژی 2001/8/21، رۆژی دادگایی کردنی دکتاتۆری عێراق، "سەدام حسین"ە، رۆژی دادگایی کردنی تاوانبارێکە کە بە فەرمانی ئەو هەزاران رۆڵەی کورد بە گازی ژەهراوی شەهید بوون و دەیان هەزاریش لە ئۆپەراسیۆنە بەدناوەکانی ئەنفالدا لە بیابانەکانی ناوەڕاست و باشووردا، زیندە بەچاڵ کراون، جگە لە وێرانکردنی کوردستان و هەوڵدان بۆ قڕکردنی یەکجاری گەلی کورد.

ئێمە وەک لیژنەی ئامادەکاری خۆنیشاندانی 2006/8/21 لە بەردەم سەفارەتی عێراق لە ئەڵمانیا، داواتان لێ دەکەین بە شێوەیەکی گونجا و و بە گەرموگوڕی بەشداری ئەم مەراسیمە ببن و شانبەشانی ڕۆڵەکانی دیکەی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان، هاوسۆزی خۆتان بۆ دۆزە ڕەواکەی کورد و قوربانیەکانی جینۆسایدی ئەنفال دەببڕن. چۆن لە رابردوودا، هەمووومان بەشداری ئێش و ئازاری ئەم نەتەوە ستەمدیدەیە بووین، ئاواش دەبێ ئەمڕۆ ئەرکی بەردەوامی بەرەوپێشبردنی ئەو دۆزە و بە داگایی کردنی تاوانباران و بە سزاگەیاندنیانمان، لەسەر شانمان رابگرین.

بەشداریتان لەم ڕۆژەدا، هیوا و ئومێد بە کەسوکاری ئەنافالەکان دەبەخشێ و گیانی قوربانییەکانمان شاد دەکات.

لیژنەی سەرپەرشتی خۆنیشاندانی 8/21 لە ئەڵمانیا:

. ڕێکخراوی ژنان لە تاراوگە
. ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک
. کۆمەڵەی دیموکراتی یەزیدییەکان
. حیزبی شیوعی کوردستان
. حیزبی شیوعی عێراق
. ئینستیتۆی کورد لە بەرلین
. سەنتەری ئەنفال بۆ توێژینەوە
. ناوەندی چاک

---

# دانئەنانی عێراق بە جینۆسایدی گەلی کورد بەردەوامبوونە لەسەر هەمان ڕێباز

## بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە شاری کۆپنهاگن

وەکو ئاگادارن، بڕیار وایە لە 21 ئۆگستدا دادگایی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاوکارانی سەبارەت بە تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال بکرێت. دادگاییکردنی سەدامی دیکتاتۆر و هاوکارە تاوانبارەکانی دیکە، گرنگیەکی مێژوویی و تایبەتی بۆ ئێمەی کورد وەکو گەلی قوربانی هەیە. ئەگەرچی دادگا و دادگاییکردنەکە لە ئاستی داخوازیەکانی گەلی کورد دا نییە، بەڵام گرنگە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە و هەمووومان بە یەکەوە و یەک دەنگ لەو ڕۆژەدا کۆببینەوە، بۆئەوەی:

- ئەو تاوانبارانە و هەموو ئەوانەی بەشداریان لە تاوانی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا کردووە ڕیسوا بکەین
- داوای دادگاییەکی ڕەوا بکەین
- داوای ئاشکراکردنی ڕاستیە شاراوەکان بکەین
- داوای ناساندنی هێرشەکانی ئەنفال و کیمابارانی گەلی کورد وەکو تاوانی ژینۆساید بکەین
- داوای قەرەبووی خێزانە بەرکەوتووەکان بکەین
- داوای چارەسەری کەسە نەخۆشەکان و دەرهاویشتە نەگەتیڤەکانی ژینۆسایدی ئەنفال لەسەر قوربانیان بکەین
- داوای گواستنەوەی بەشێک لە دادگاییکردنەکە بۆ کوردستان، بەتایبەتی داداگییکردنی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە بکەین
- داوا بکەین، دەولەتی ئێراق بەفەرمی داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکات.

وەکو کوردستانی و بۆ سەلماندنی دلسۆزیمان بۆ پیشاندانی کەمترین هاوکاری بۆ قوربانیانی ژینۆسایدی ئەنفال بەتایبەتی و گەلی کورد بەگشتی، لەسەرمانە لەو رۆژەدا لەبەردەم **شارەوانی کۆپنهاگن** کۆبینەووە و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان بە خەلکی دانیمارک و جیهان پیشان بدەین.

بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپیشاندان داوا لە هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیاکان، هەروەها کەسایەتیە نیشتیمانپەروەر و هەموو مرۆڤێکی کوردستانی و دڵسۆز دەکەین کە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن و بەردەم شارەوانی کۆپنهاگن بوروژێنین، لە ڕێگای خۆپیشاندان و میدیاکانەوە هاواری قوربانیەکان بگەیەنینە خەڵکی دانیمارک و جیهان.

شوێنی کۆبوونەوە: Rådhuspladsen
کات: کاتژمێر 16.00

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم تەلەفۆنانەوە بکەن:
گۆران: 28121223
قاسم: 40369448
نەوزاد: 28449544

بۆئاگاداری: ئەگەر دادگاییەکە دوابخرێت، خۆپێشاندانەکەمان دوادەخەین.

کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپێشاندان

تێبینی:
کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکە پێکهاتووە لە:
ناوەندی چاک
کۆمیتەی هاوکاری پارتە کوردستانیەکان لە دانیمارک

دەرگا بۆ بەشداری هەر گروپ و ڕێکخراوێکی دیکە لەم کۆمیتەیە کراوەیە

# ئەنفال هۆلۆکۆستی کوردە